# ستایلە تازەکانی بازنگەکان لەکوردستان



**ئێکسسواراتی جوجو - هەولێر**

لەکوردستان ڕۆژانە یان لەگەڵ هاتن و کۆتایی هاتنی وەرزەکاندا، چەندین کەرەستە و ئێکسسوار و شتی تازە دەردەکەوێ و دەبێتە یەکێك لەتازە مۆدەکان لەلایەن کچانی کوردەوە، ئەمەش بەگوێرەی ئەو کەرەستەیە دەبێ کە لەنێوان مۆدەکاری و تازەگەریدا گرنگییەکی تەواو دروست دەکات، بۆیە هەنگاوێکی سەرەکی هەیە لەهەڵبژاردنی ئەو کەرەستە و ئێکسسوارانە و ڕێگەیەکی سادە و سانا دروست دەکات، بۆ ئەو مەبەستەی کە لەپێشوودا ئامادەت کردووە، مۆدەکانی ئێکسسوارەکان زۆرن و هەر یەکەش جوانییەکی کراوە و سادەی هەیە، بازنگەکانیش گرنگترین کەرەستەکانی ئێکسسوارن، ئەویش بەهۆی ئەو شێوە جوان و گرنگەی هەیەتی، چونکە لەدوو لایەندا خۆی دەنوێنێ، یەکێکیان لەو کاتەی لەدەستن و لەگەڵ جلەکان خۆی دەنوێنێ، یان کاتێك جلی لەسەر نابێ و بەتەواوی دەردەکەوێ، بازنگە تازەکان لەشێوە کلاسیکیەکان خۆیان لادەدەن و بەرەو هەنگاو و شێوەی تازە هەنگاو دەنێ، بەتایبەت مۆدەی ئەو وەرزە بازنگی پان و گەورەیە، زیاتریش کەرەسەی بچووکی لەسەر دادەنرێ.





# مۆدەی گوارەکان بۆ ساڵی ئای







یەکێك لەو هەنگاوانەی کە لەگەڵ شتەتازەکان بەرەو کاری تازە و شێوازی نوێ خۆی دەڕوات، ئێکسسوارەکان بەبچووکی ناسراوە و تەنانەت شێوەی گەورەشی هەیە، بەڵام زیاتر بەشێوە بچووکەکەی ناسراون و دەردەکەوێ، جوانی گوارەکان لەشێوە بچووکەکەیانە، یان هەندێکیان شێوەیەکی گەورەیان هەیە، تەنانەت ئەو شێوە گەورەیە، وادەکات کە جوانی ڕووخسار بۆ خۆی ڕابکێشێ و دیمەنێکی کراوەش دابین بکات، مۆدەکانی ساڵی داهاتووی گوارەکان، بریتیی دەبێ لەگوارەی شێوەی بچووك، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زیاتر گرنگی بەماکیاژەکان دەدرێ، چونکە


هەرچەندە گرنگییە کەرەسەکان بەرەو تازەگەری بێ، واتا زیاتر هەڵبژاردنی ئەو جۆرە کەرەستەیەیە کە لەگەڵ جەستە و بەشەکانی ستایلەکان گونجاندنێك بۆخۆی دروست دەکات، ئەمە دەبێتە

# پەچەی مل، ئێکسسوارێکە بۆ درەوشانەوەی جوانیت



ئێکسسوارەکان، هەر یەکە بەپێی گرنگی خۆی و جوانی شێوازەکانیەوە، جگە لەوەی ئێکسسواری ماددەکان هەن، وەك گوارە و ئەنگوستیلەو بازنگ، هەمان شێوەی ئێکسسوارەکان هەن لەجلوبەرگ، وەك: دەستەوانە — پەچەی مل و سەر شان-تۆقەی قژی لەقوماش و قڕدێڵە، ئەمانەش گشتیان دەتوانن دیمەنێکی جوان و ڕازاوە دروست بکەن، لەکاتێکدا کەرەستەکانی دیکەش، شێوازێکی تایبەت لەجوانی خۆیان بەدەردەخەن و لەگەڵ جلوبەرگ و هۆکارەکانی دیکەی جوانکاری گونجاندنێکی گەورە دروست دەکەن، لێرەدا یەکێك لەو ئێکسسوارە قوماشانە، بریتییە لەپەچەی مل، کە جوانییەکی ناسك و ڕازاوەی هەیە، زیاتریش بۆ لایەنی پاراستنی مل بەکاردێ لەسەرمای لەزستان یان لەتیشکی خۆر لەهاوین، پەچەکانی مل یەکێکە لەو بەشە ئێکسسوارەی بەدیمەنێکی جوان، زۆری مل و شانەکان دادەپۆشێ، زیاتر لەلایەن جوانکاری و ستایلیستە ئەوروپییەکان گرنگی پێدەدرێ و دەکرێ بەو شێوە و ڕەنگەی هەیەتی، خۆ گونجاندنێك دروست بکات و ببێتە دیمەنێکی ڕازاوە لەو کاتەی لەمل دەخرێ.

ــــینده





تازەگەریەکی تەواو دەبینرێ لەڕەنگ و ماکیـــاژی تازە، زیاتریش لەڕەنگێك یـــان دوو ڕەنگی تێکەڵ دەبن و نەوەك لەکۆمەڵە ڕەنگێك، وەکو مۆدەی ساڵی ڕابردوو.

# ماکیاژ و هێڵکاری چاوەکان بە وێنە













ماکیاژەکان بەچەندین هەنگاوی ســـادە و ساکارەوە بەڕێوە دەچن، تەنانەت دەبێ پێشـــووتر ئەو جۆرە ماکیاژە هەڵبژێری کە دەتـــەوێ ئەنجامی بدەی، لـــەم ڕێگەیەدا هەنگاوەکان بەئاســـانی بەوێنە دەردەکەوێ، یەکێك لەو جـــۆرە ماکیاژانە یان هێڵکاری چـــاوەکان، ماکیاژی چاوەکانە، یان پشـــت چاوەکان، کە بەڕەنگێکی ســـادە کاری لەســـەر دەکـــرێ و دەبێ لەگەڵ ئـــەو هەنگاوانە بڕۆی کە بەوێنە بۆ ئێوەمان ڕوون کردۆتەوە، بێگومان هەمان ئەنجامی ئەو جۆرە ماکیاژە بەدەســـت دەهێنی، کە لەدوا وێنەدا دەردەکەوێت.

# نینۆکەکان بەڕەنگە جوانەکانەوە ڕازاوەتر دەبن

هەنگاوەکانی کاری جوانکاری و گرنگی دان بەشـــێوازی ســـتایلەکان، یەکێکـــە لەئامادەکارییـــەکان بـــۆ هەنگاوێکـــی سەرەوەتر کە دروستکردنی ئەو جوانییەی لەگەڵ جەســـتە و پێســـت دەگونجێ، هەندێـــك بەشـــی بچـــووك لەجەســـتە هـــەن، دوای چەنـــد هەنگاوێك لەکاری جوانکاری دەتوانن بۆ نموونە، نینۆنەکان، کاریگەرترین هێماکانی جوانین و دەتوانن ڕووێکی گـــەش و جوان بەدەســـتەکانت بدەن، نینۆك دانان گرنگییەگی تەواوی دەوێ، دەکرێ خانمان لەنێوان هێشـــتنەوە و یان نەهێشـــتنەوەی نینۆکەکانیان بڕیار بـــدەن، کاتێك دەیانەوێ ســـوود لەجوانی






نینۆکەکان وەربگرن، دەتوانن بەگرنگترین شێوازەکان پارێزگاری بکەن و ئاگاداری بـــن، هەروەها جـــۆری ڕەنگەکانیش بۆ نینۆکـــەکان، گەورەترین و کاریگەرترین ڕێگەیە تا بتوانین شـــێوازێکی جوان و ڕازاوە لەنینۆکێکـــی ڕازاوە و ناســـکەوە وەدەســـت بێنـــن، هەوڵبـــدە ڕەنگێـــك هەڵبژێری بـــۆ نینۆکەکانـــت تەنیا بۆ مـــاوەی هەفتەیەك، دواتر دوای ڕۆژێك پاکی بکەرەوە و بۆ ڕۆژێك بەجێبهێڵە بۆ ئەوەی ڕەنگی پێشوو بەتەواوی بسڕێتەوە و ڕەنگی داهاتوو بەجوانی دەربخات.



# ڕەش و سپی!

ئەگەر سەیرێکی ئەو وێنەیە بکەن بەتەواوی، بێگومان ماندووبوونێکی زۆر دەبینن لەوەی ئەو برادەرە تاوەکو توانیویەتی نێوان ئەو ڕەنگە سپی و ڕەشە بگونجێنێ، ئەو کوڕە خەڵکی عێراقە و لەیادی عاشووورادا بەشداری مەراسیمەکانی کردووە، بۆیە ئەو دوو ڕەنگەی پۆشیوە، چونکە لەدایك و باوکێکی جیاوازەوەیە، مەبەست لەوەش باوکی شیعەیە و دایکیشی سوننەیە، لەبەر باوکی لایەکی جلکی ڕەش کردووە و خاتری دایکیشی نەشکاندووە و لایەکی کردۆتە سپی، ئەوەی جێگەی سەیرە تاوەکو پێڵاوەکانیشی یەکێکیان سپییە و ئەوەی دیکەش ڕەشە.





# قەڵا و گەلەرییە قەشەنـــ

شاری هەولێر بەچەندین وێنە و پێشکەوتنی جوانەوە ناسراوە و بەرەو ئاییندەیەکی جوان و قەشەنگ ڕێگە دەگرێ، یەکێك لەو شوێنە گەشتیارە خۆشانەی لەناوەڕاستی هەولێر هەیە، ئەویش پارکی شانەدەرە، کە پارکێکی خنجیلانە و بەشێواز و دیزاینێکی پارکی شێوەی ڕۆژهەڵاتی و چیایی دروست کراوە، یەکێك لەجوانترین بەشەکانی ناو ئەو پارکە، بریتییە

# ڕووبارێک لەدوو جۆرە ئاو

لەسرووشتدا چەندین جێگە و لایەنی سەیر هەن، کە مرۆڤ تووشی بیرکردنەوەی قووڵ و گەورە دەکەن، کە هەندێکیان تا ئێستاش نازانن بۆچی وایە و بەم شێوەیە دروست بووە، ڕووباری (نیگرۆ) کە دەکەوێتە وڵاتی بەرازیل و لەسەرەتای ناوچەی ئەمازۆنە، ئەو ڕووبارە شتێکی زۆر سەیری هەیە، ئەویش ئاوەکە لەدوو جۆرە ئاو پێکهاتووە و هەر یەکە لەتەنیشت یەکەوەیە، بەبێ ئەوەی تێکەڵ بێ، زیاتریش لەوە سەیرتر تامی یەکێك لەو ئاوە سوێرە و ئەوەی دیکەی سرووشتییە، تەنانەت ماسی ئەو لایەنەی هەر یەکە لەئاوەکان ناچێتە ئەودیوەوە، وەکو ئەوەی سنوورێك هەبێ و کەچی هیچیش بەدی ناکرێ.






# هەگبەی ڕۆژنامەگەری کوردی بڵاوکراوەی سلێمانی

**ئامادەکردنی: جەمال خەزنەدار**

بڵاوکــراوەی شــارەوانی ســلێمانی، مانگــی جارێــك دەردەچوو، لەســاڵی (١٩٦٨) دەرچووە لەشاری سلێمانی.

سەرەکی نووســینی ئەو بڵاوکراوەیە جەمال بابــان بووە، هەروەها بەڕێوەبەری لێپرســیار: محەمەد مستەفا کوردی و سکرتێری نووسینیش: موحەرەم محەمەد ئەمین بووە، ئەندامەکانیش: جەمال شاڵی و نووری وەشتی بوون، لەچاپخانەی ژین چاپ دەکرا و نرخی: (٢٠) فلس بووە.

ژمارە (١)ی لەمانگــی تەمموزی ســاڵی ١٩٦٨ بــە(٣٢) لاپەڕەی ڕەش و ســپی و چــوار لاپــەڕە بەرگی دوو ڕەنگ و بەقەوارەی (٢٠×١٣،٥ســم) بەدیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) و بەئەلــف و بێی کــوردی لەعەرەبی و ئارامی داهێنراو چاپکراوە.

جەمال بابان سەرنووســەری بڵاوکراوە لەنووسینێکدا گوتویەتی:

ئامانجمان نزیك خستنەوەی دەستەکەی تر و پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییەیە کە لەبەینی شــارەوانی و دانیشتووانی بەڕێزی شارەکەماندایە، چونکە شارەوانی لەهیچ کات و شــوێنێکدا بەتاك و تەنیا هیچی بۆ ناکرێ و سەرەگوریسێکی بۆ ڕاست ناکرێتەوە، بەیارمەتی بەکۆڵ و پڕ بەدڵی هەموو لایەك نەبێت، یارمەتییەك لەناخــی دەروون و هەســت بەئەرکــی سەرشــانەوە هەڵقوڵێ، نــەك یارمەتی ڕەواڵەت و لا لووتانە..



## ـــــــگەکەی پارکی شانەدەر

لەقــەڵا بەردینە بچووکەکەی، کــە بێگومان بەشــێوازێکی ئەندازەیی جوان کاری بۆ کراوە، لەگەڵ ئەوەی لەدەرەوە شێوەی قەڵایە، هەروەها لەژوورەوەش پێشــانگایەکی جوانی وێنە کێشان و دانانی چەندین تابلۆ ناوەوەی گەلەرییەکە دەرازێنرێتەوە بەبەردەوام، ئەمەش وێنەیەکە کە لەسەرەوە وێنەی قەڵاکە گیراوە و لەئوفیشەڵی هەولێر وەرگیراوە.



## سەگێک (١٥) بێچووی دەبێ

دیــاردە ســەیرەکان ناوەســتن و هەردەم لەکاری تــازە و گرنگەوە هەڵدەقوڵێن، وەك ئەو ســەگەی کە لــەو ماوەیەی بێچووی لەســگی دابوو، ژیانێکی قورسی بەسەر دەبرد، ئەمەش ســەرەڕای ئەوەی ســگی قــوڕس بوو، تەنانەت بەئاســتەم دەیتوانی جووڵە بکات، ئەو ســەگە لەبەریتانیایە و ناوی نراوە (ڕۆمــی) دوای هاتنی کاتی دانانی بێچووەکانی دێت، ئەوەش بووە هۆی هەواڵێکــی جیهانی کــە (١٥) بێچووی بەیەکەوەی بووە، لەهەمان ڕەنگ و شێوەدا، لەپێشووتریشــدا زۆرتریــن ژمارەی بێچوو تۆمار کــراوە کە (٢٤) بێچووە ســەگ بووە.




## نوکتە

- ڕۆژێــک ژنێک ئەچێــت بۆ داوای کچێــک بۆ کوڕەکــەی. ماڵی کچە بیانوو ئەگــرن و ئەڵێــن: کوڕەکەتمان بەدڵــە، بــەڵام بەخــوا کچەکەمانی نایەینیێ، چونکە جگەرەکێشــە. دایکی کوڕەکە یەکسەر ئەڵێ: بەخوا بەس لەو کاتانەیا جگەرە ئەکێشێ کە سەرخۆش ئەبێ..

* * *

- کابرایەک ســواری پاســێک بووە و عەقیدێــک لە تەنیشــتیەوەیەتی، پێی ئەڵێ کاکە تۆ پۆلیسیت؟ عەقیدەکەش وا ئەزانێ کابرا سەری لە داڵ و ئەستێرە و شــتی وا دەرناچێ، بۆیە ئەڵێ: بەڵێ پۆلیســم. کابرا پێی ئەڵێ:ئەی کەواتە بۆچی پلەی عەقیدت بەستووە؟




### ئاســۆیی:

١- یەکێك بوو لە ڕۆشــنبیران و کەســایەتی ناوداری کورد .
٢- غەم(پ)- ترۆپك
٣- گەنمی کوڵاوی وردکراو- تخوب .
٤- وەکو رســتنە- ئامێرێکی خــوری و موو رستنە- وەکو یەك
٥- پارچە- شەق- هارە.
٦- وەکو- گوندێکە سەر بە ناحیەی حەریر(پ)- نەخێر(پ).
٧- پایتەختــی دەوڵەتێکــی فیدراڵییە- وەکو یەك.
٨- ناوی کوڕانە(پ)- نیوەی بران- جوانە.
٩- موجاهیدێکی هیندی بوو.
١٠- گیایەکی بۆن خۆشە- ٢-١ی سیان.
١١- ورگ — قودرەت .
١٢- نزم — یەکێکە لە نەتەوەکانی عێراق.

### ســتوونی:

١- گۆرانی بێژێکی کوردە.
٢- پەڵــە هــەوری گــەورە(پ)- وشــەی سەرسوڕمان(پ)- وەکو یەك.
٣- شارۆچکەیەکە ســەر بە پارێزگای بەسرە- هەورە تریشقە.
٤- گیانلەبەرێکــە ڕاوی پــێ دەکــەن(پ)- نەفام.
٥- چیایەکە لە کوردستان- ژێر(پ).
٦- دوو پیتی جیاواز- عەوداڵ- دەربەدەر.
٧- ڕووبارێکە لە کوردستانی ئێرانەوە دێت.
وەکو یەك- نان- بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی لەش.
٩- یەکێکە لە پێغەمبەرەکان- وەزیری فیرعەونی زاڵم بوو .
١٠- شــاعیرێکی ئیتاڵی بەناوبانگ بوو(پ) وەکو یەك- دوو پیتی جیاواز.
١١- نیوەی کوتك — زەحمەت کێشان
١٢- یەکێکە لە نەتەوەکانی عێراق- شارۆچکەیەکە سەر بە پارێزگای سلێمانی(پ).

## مانای شتەکان لە خەون

**دەرزی و دورمان:**

دۆزینەوەی هاوســەرە بــۆ ئەوانەی بێ هاوســەرن، ئەو کەســانەی هــەژارن دەرزی لەخــەوا ببینــن پارەیان بۆ دێت، ئــەو کەســەی دەرزی بــە دەزووەوە ببینێ کاروباری باشــتر دەبێت، ئەوەی دەرزیەکــەی بشــکێ کاروباری تێک دەچێت، ئەو کەسەی دەرزی بخوات لای ئەو کەســەی حەزی لێ ناکات باسی نهێنیەکانــی دەکات، ئەوەی دەرزیەک بکات بە گیانی یەکێکا ئەوە قســەی ناخۆشی پێ دەڵێ، ئەوەی جل و بەرگ بۆ خەڵکی بدورێ ئــەوە ئامۆژگاریان دەکات، ئەگەر بۆخــۆی بدورێ پارەی دەست دەکەوێ.

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## بۆ زاخــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سیروان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٥+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (باڵندەیەکی دەنگ تیژە و خۆماڵیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (شارێکی کوردستانی تورکیایە بەم دواییە بوومەلەرزەی لێکەوتەوە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆبکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی درەنگ)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی کز)

